جمهورية العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة سامراء
كلية التربية

# مجلة سر من رأى للدراسات الإنسانية

مجلة علمية فصلية محكمة
تصدر عن كلية التربية في جامعة سامراء

المجلد الثامن عشر / العدد الحادي والسبعون / السنة السابعة عشرة

١٤٤٣هـ/ آذار ٢٠٢٢م

رقم الإيداع في دار الكتب والوثائق ببغداد ٢٣٤١ لسنة ٢٠١٩

ISSN 1813-1735

مجلة

# سُرَّ مَن رأى

للدراسات الإنسانية

مجلة علمية فصلية محكمة

تصدر عن كلية التربية في جامعة سامراء

---

المجلد الثامن عشر / العدد الحادي والسبعون- السنة السابعة عشرة

١٤٤٣هـ

آذار ٢٠٢٢ م

الرمز الدولي: ISSN 1813 – 1735

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق ببغداد ٢٣٤١ لسنة ٢٠١٩

---

**الهيئة الادارية**

| | | |
|---|---|---|
| رئيس هيئة التحرير: | أ.د. إحسان طه ياسين | قسم علوم القرآن |
| مدير التحرير: | أ. م. د. قيس علاوي خلف | قسم اللغة العربية |
| مدقق اللغة العربية: | أ. م. د. رعد سرحان ابراهيم | قسم اللغة العربية |
| مدقق اللغة الانكليزية: | أ. م. د. سيف حبيب حسن | قسم اللغة الانكليزية |
| الشؤون الادارية والفنيـــة: | م.م. فاروق شاكر محمود | كلية التربية |

الشؤون المــاليــة: السيد حسان علي حسين

البريد الالكتروني: srmraj@uosamarra.edu.iq E-mail:

# أعضاء هيئة التحرير

أ.د. اسماعيل يوسف اسماعيل — كلية الآداب/ جامعة المنوفية / مصر

أ.د. ساجد مخلف حسن — كلية الآداب/ جامعة سامراء / العراق

أ.د. شفاء ذياب عبيد — كلية التربية / جامعة سامراء / العراق

أ.د. عمر محمد علي — كلية الآداب / جامعة حلوان / مصر

أ.د. كمال بن صحراوي — كلية العلوم الانسانية والعلوم الاجتماعية/ جامعة ابن خلدون/ الجزائر

أ.د. محمد صالح خليل — كلية التربية البدنية وعلوم الرياضة/ جامعة سامراء/ العراق

أ. ياسر محمد صالح — كلية التربية / جامعة سامراء/ العراق

أ.م.د. سعيد بن محمد القرني — كلية اللغة العربية / جامعة أم القرى/ المملكة العربية السعودية

أ. د. صباح حمود غفار — كلية التربية / جامعة سامراء / العراق

أ.م.د. ليلى خلف السبعان — كلية الآداب / جامعة الكويت/ الكويت

أ.م.د. جنان احمد عبدالعزيز — كلية التربية / جامعة سامراء / العراق

مجلة سر من رأى
ISSN : 1813 - 1735
مجلة للدراسات الانسانية محكمة متخصصة
تصدر عن كلية التربية / جامعة سامراء

# تعليمات النشر في مجلة ( سر من رأى )

ترحب مجلة (سر من رأى) العلمية المحكمة بإسهام الباحثين في القطر وسواه من الأقطار، فتخطو بهم ومعهم خطوات واثقة نحو مستقبل مشرق في نواحي الحياة، وفيما يأتي بعض ضوابط النشر فيها:

الأسس الفنية والتنظيمية

- تستقبل المجلة البحوث العلمية في مجالات العلوم الانسانية كافة.
- تقوّم هيئةُ التحرير البحوث علميًّا مع خبراء مشهود لهم بالكفاية العلمية في اختصاصهم الدقيق.
- ترفض المجلة نشر البحوث التي لا تطابق منهج البحث العلمي المعروف.
- يلزم الباحث بالأخذ بما يرد من ملحوظات حول بحثه، من خلال ما يحدده الخبراء المقوِّمون.
- أن لا يكون البحث مقدَّمًا إلى مجلة أخرى، ولم ينشر سابقًا، وعلى الباحث أن يتعهد خطيًّا بذلك.
- يشترط أن يقوِّم الباحث بحثه المقدم.
- يثبت على الصفحة الأولى ما يأتي: (عنوان البحث، والاختصاص الدقيق للبحث، واسم الباحث، ولقبه العلمي، ومكان عمله، وبريده الإلكتروني، ورقم هاتفه، وكلمات مفتاحيه باللغتين العربية والانكليزية )، وفي حالة وجود أكثر من باحث تذكر أسماؤهم وعناوينهم، لتسهيل عملية الاتصال بهم.
- يطبع موجزا للبحث في صفحة مستقلة، وباللغتين العربية والإنكليزية، على أن لا يزيد عن صفحة واحدة.
- يعتمد أسلوب البحث العلمي في كتابة هوامش البحث ومصادره، ويعتمد الباحث المنهج البحثي الخاص باختصاصه، وتذكر الكتب المستعملة في البحث على النحو الآتي: اسم الكتاب، واسم المؤلف، ورقم الطبعة، ومكان النشر، وجهة النشر، وسنة النشر، والجزء (إن وجد)، والصفحة.
أما الدوريات فتكتب على النحو الآتي: اسم الدورية، وعددها، وتاريخ صدورها، وجهة الإصدار، والصفحة.
- لا يعد قبول النشر ملزما للمجلة بنشر البحث العلمي ضمن الاعداد إلا ما يليق بسمعتها الدولية.

ISSN : 1813 - 1735
مجلة للدراسات الانسانية محكمة متخصصة
تصدر عن كلية التربية / جامعة سامراء

# الأسس الطباعية للبحث

- يطبع البحث على الآلة الحاسبة، وعلى ورق حجم (A4) وبوجه واحد.
- لا يتجاوز عدد صفحاته (٢٠) صفحة بما فيها: البيانات، والخرائط، والمصورات، وإذا زاد البحث على ذلك يتحمل الباحث دفع مبلغ (٢٠٠٠) دينار عن كل صفحة إضافية، على أن تقدم النسخ الأصلية الخاصة بالأشكال والخرائط على ورق (تريست)، وبواسطة برنامج (Microsoft Word).
- بعد الأخذ بملحوظات المقوِّمين يرفق قرص (CD) مع البحث المصحح.
- تكون الطباعة بحرف (Simplified Arabic)، وبحجم (١٤).
- تكتب الهوامش في آخر البحث بنفس خط المتن، وبحجم (١٢)، على أن تذكر معلومات المصدر كاملة عند وروده أول مرة، لتغني عن كتابة قائمة للمصادر.
- يقسم البحث على مقدمة وعناوين مناسبة تدل عليه، لتغني عن قائمة المحتويات.
- لا تلزم المجلة بإعادة البحث إلى صاحبه، إذا اعترض على نشره الخبراء، ويُكتفى بالاعتذار.
- منهج البحث العلمي والتوثيق من سمات المجلة المحكمة.
- تعنون المراسلات باسم (رئيس التحرير) او مدير التحرير.
- إذا كان البحث يحتوي على آيات قرآنية، يكون نمط الآيات وفق برنامج مصحف المدينة ولا يتم نشر البحث خلاف ذلك.


جمهورية العراق . سامراء . كلية التربية . ص ب ١٦٥

مدير التحرير: د. قيس علاوي خلف

البريد الالكتروني للمجلة:

**E-mail: srmraj@uosamarra.edu.iq**

# الاشتراك في المجلة

تـدفع المؤسسـات الحكوميـة والجامعـات ومراكـز البحـث بـدل اشـتراك قـدره (٢٥٠٠٠) دينـار داخـل القطـر للعـدد الواحـد وتخاطـب سـكرتارية المجلة على العنوان المدرج في أدناه لغرض الاشتراك أو التبادل.


المراسلات

د. قيس علاوي خلف

مدير تحرير مجلة سر من رأى

جمهورية العراق/ سامراء

ص.ب/١٦٥

البريد الإلكتروني للمجلة

**E-mail:** srmraj@uosamarra.edu.iq



مجلة سر من رأى

ISSN : 1813 -1735

مجلة للدراسات الانسانية محكمة متخصصة

تصدر عن كلية التربية / جامعة سامراء

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

## كلمة العدد

الحمد لله الذي أكرمنا بخير كتاب أنزله، وشرفنا بخير نبي أرسله، والصلاة، والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

وبعد

تمضي مجلة سر من رأى للعلوم الإنسانية في طريقها الذي اختطته، من حيث المنهجية الرصينة التي اعتمدتها في نشرها للبحوث في مختلف التخصصات الإنسانية، وذلك ما جعلها قبلة كثير من الباحثين، والناشرين الذين يحرصون على إنجاز بحوث تحترم القراء، وعلميتهم فعلى الرغم من اتباعها ضوابط مهنية، وعلمية صارمة إلا ان البحوث الواردة إليها في تزايد كبير، ومستمر، وكادر المجلة يعاهد الأساتذة، وطلبة العلم بالسير على تطوير، ورفع معايير النشر في كل اتجاه.

والله ولي التوفيقوالله ولي التوفيق

**الأستاذ المساعد الدكتور**

**قيس علاوي خلف السامرائي**

**مدير التحرير**

| رقم القبول | المحتويات | الصفحة |
| --- | --- | --- |
| | **محور اللغة العربية** | |
| ١١٠٣ | **استدراكات ابن مالك على النحاة في كتابه "شواهد التوضيح والتصحيح لمشكلات الجامع الصحيح"**<br>د. مازن دحام سالم الخزرجي<br>كلية الإمام الأعظم الجامعة / قسم اللغة العربية | ٣-٢٢ |
| ٩٥٩ | **التَّدويرُ بينَ التَّشكيلِ الكتابيِّ والتَّشكيلِ الشَّفويِّ في شعرِ سعاد الصَّباح**<br>أ.د حمد محمود الدوخي / كلية الآداب جامعة تكريت<br>م.م سعد رفعت سرحت / مديرية تربية صلاح الدين | ٢٣-٤٢ |
| ١٣٢٠ | **التّشبيه المُبتكَر في حديث الرّسول ﷺ بين التّوصيف والإنجاز**<br>أ.م.د. آزاد حسّان حيدر<br>جامعة الموصل / كلية التربية للعلوم الانسانية / قسم اللغة العربية | ٤٣-٦٦ |
| ٧٦٦ | **الدلالات الصرفية في نونية أبي البقاء الرندي**<br>د. رنا طلال سليمان<br>قسم اللغة العربية: - كلية التربية للعلوم الانسانية/ جامعة الموصل | ٦٧-٩٦ |
| ١٢٤٦ | **القيم الأخلاقية (الإيجابية والسلبية) في شعر مقطعات صدر الإسلام**<br>م.م صلاح نجم الدين أمين<br>جامعة كركوك / كلية الآداب / قسم اللغة العربية / أدب إسلامي | ٩٧-١٢٠ |
| ١٣٧٢ | **المستوى الدلالي في كتاب سيبويه**<br>د. مي فاضل جاسم الجبوري<br>كلية اللغة العربية - جامعة أم القرى - مكة المكرمة | ١٢١-١٤٢ |
| ١١٦٩ | **النحو القرآني عند ابن هشام الأنصاري في ضوء مراعاة المعنى**<br>أ.م.د. شيماء رشيد محمد زنكنة<br>(جامعة رابرين/ كلية التربية/ قسم اللغة العربية)<br>الباحث: ئازاد وسو شيخه / مديرية التربية / السليمانية - رانية | ١٤٣-١٧٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠٤-١٧٣ | **النظريّة الثقافيّة في التأريخ للأدب العربيّ**<br>د. عيسى بن سعيد بن عيسى الحوقاني / أستاذ مساعد - جامعة نزوى - سلطنة عمان | ٩٢٩ |
| ٢٤٠-٢٠٥ | **تجليات الحجاج في سورة القصص**<br>أ.م.د. مرتضى عبد النبي الشاوي<br>الباحثة: ايمان عبد جاسم<br>كلية التربية القرنة / جامعة البصرة | ٦١٩ |
| ٢٥٨-٢٤١ | **تشكيل اللوحة شعريًا في نماذج مختارة من قصيدة النثر في العراق بعد ٢٠٠٣م**<br>أ.م.د. أحمد عزاوي محمد<br>م.م. زينة وليد خالد<br>جامعة سامراء / كلية التربية | ١٠٩٧ |
| ٢٧٦-٢٥٩ | **توظيف ظاهرة (الحمل على المعنى)**<br>**محاولة منهجيَّة لتصوُّر المعنى الكامن وراء اللفظ الظاهر**<br>أ.م.د. قاسم محمد أسود<br>جامعة ديالى – كليَّة التربية الأساسِيَّة – قسم اللغة العربيَّة | ١٢٥٦ |
| ٣٠٤-٢٧٧ | **دالية المتنبي في هجاء كافور الاخشيدي – مقاربة أسلوبية**<br>أ.م. د. صالح ملا عزيز<br>قسم اللغة العربية/ كلية التربية / جامعة صلاح الدين/ أربيل | ١٠٧٨ |
| ٣٢٢-٣٠٥ | **شعر البطولة في غرض الفخر عند شعراء الرابطة**<br>م.م. وائل تركي مدحي جاسم الغريري<br>أ.د. شاكر محمود عبد السعدي<br>الجامعة العراقية/ كلية الآداب | ١٢٣١ |
| ٣٤٠-٣٢٣ | **علم الأصوات الفيزيائي في التراث العربي – دراسة تأصيلية**<br>أ.د. إياد سالم صالح<br>جامعة سامراء / كلية التربية<br>د. قتيبة يوسف حميد<br>جامعة سامراء / كلية الآداب | ٨٧٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ١١١٢ | **غرض بيان العاقبة في التعبير القرآني دراسة بلاغية في أسلوبي النهي والاستفهام**<br>م.د. عمار غانم محمد المولى<br>تدريسي ومشرف تربوي في دائرة التعليم الديني والدراسات الإسلامية/ نينوى / ديوان الوقف السني | ٣٦٨-٣٤١ |
| ١٣٣٩ | **فوائت المعاجم من الشعر الجاهلي شعر هاشم بن حرملة الذبياني نموذجًا**<br>د. ياسر الدَّرويش<br>أستاذ مشارك / كلية العلوم الإنسانية / جامعة الملك خالد | ٣٨٤-٣٦٩ |
| ١٢٤٤ | **قراءة في منهج كتاب سيبويه في ضوء المناهج اللسانية الحديثة**<br>أ. د. عبد الحميد النوري عبد الواحد<br>كليّة اللغة العربيّة- جامعة أمّ القرى- مكّة المكرّمة | ٤٠٤-٣٨٥ |
| ١٣٠٢ | **لغة كتابة الذات ولغة تفكير الاخر**<br>**مقاربة في ثيمات المحكي البغدادي لدى الروائيين العراقيين اليهود الجدد**<br>أ. م. د. خالدة حاتم علوان<br>وزارة التربية / المديرية العامة للتربية في محافظة بغداد/ الرصافة الاولى/ معهد الفنون الجميلة | ٤٣٤-٤٠٥ |
| ١٢٤٣ | **مظاهر تأثير الازدواجية اللغوية في الأداء اللغوي الفصيح لدى متعلمي اللغة العربية في جامعة تلعفر**<br>الباحثة: حسينة محمد طاهر<br>جامعة تلعفر / كلية التربية الأساسية / قسم اللغة العربية<br>أ.د. أمين لقمان الحبار<br>جامعة الموصل / كلية التربية / قسم اللغة العربية | ٤٥٦-٤٣٥ |
| | **محور الشريعة** | |
| ١٢٣٨ | **أحكام الصلاة في المركبة المدارية في الفضاء الخارجي**<br>أ.م.د. جنيد شريف عبد السامرائي<br>جامعة سامراء/ كلية العلوم الإسلامية/ قسم الشريعة<br>م.م. بلال محمد عباس العيساوي<br>جامعة سامراء/ كلية العلوم الإسلامية/ الدعوة والفكر | ٤٩٦-٤٥٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٦٣ | **الآراء التفسيرية لابن عبد الهادي المقدسي**<br>**في كتابه (الصارم المنكي في الرد على السبكي)**<br>م.م. بشرى مجيد حسن<br>الجامعة العراقية / كلية الإعلام | ٥١٦-٤٩٧ |
| ١٢٥١ | **الخيانة الزوجية الالكترونية آثارها واسبابها**<br>أ.م.د. حاتم هذال عبدالحميد<br>م. ساهرة هذال عبد الحميد | ٥٣٨-٥١٧ |
| ٤٥٠ | **القول الفصيح في تعيين الذبيح للحافظ جلال الدين السيوطي (ت٩١١هـ)**<br>**دراسة وتحليل**<br>م. جميلة روكان رشيد / كلية العلوم الاسلامية / جامعة ديالى | ٥٦٠-٥٣٩ |
| ٩٢٧ | **حاشية العلامة عبد الرحمن ابن الملا محمد ابن الملا طاهر "البنجويني" (ت:١٣١٩هـ)**<br>**على جمع الجوامع وشرحه للمحلي، كتاب: (الاستدلال) - دراسة وتحقيق**<br>د. أميد محمد نجمه محمد<br>كلية العلوم الاسلامية - جامعة السليمانية - قسم التربية الدينية | ٦١٠-٥٦١ |
| ١١٥٥ | **حكم التعليق في الظهار - دراسة فقهية مقارنة**<br>م.م. رنا يونس أحمد السامرائي / جامعة سامراء - كلية التربية<br>أ.د. هاشم فارس عبدون الجبوري / جامعة تكريت - كلية التربية للعلوم الإنسانية | ٦٢٦-٦١١ |
| ١٢٣٣ | **فتوى في حديث "ما من أحد يسلِّم عليَّ إلا ردّ الله روحي عليّ حتى أردّ عليه السلام"**<br>**للشيخ محمد بن حسن بن أحمد الكواكبي (ت: ١٠٩٦هـ) - (دراسة وتحقيق)**<br>م.د. يحيى عبدالسلام يحيى المشهداني<br>تدريسي في المديرية العامة لتربية محافظة الأنبار | ٦٥٠-٦٢٧ |
| ١١٣٧ | **قراءة السيدة حفصة (رضي الله عنها) - دراسة تفسيرية**<br>م. بسمه محمد عباس<br>دائرة التعليم الديني والدراسات الإسلامية / ديوان الوقف السني | ٦٧٦-٦٥١ |
| ٦٧٣ | **صيغ العموم وتخصيصها في آيات وأحاديث العبادات - نماذج مختارة**<br>م. جعفر طالب حسين / كلية الامام الكاظم (ع) للعلوم الاسلامية الجامعة | ٦٩٨-٦٧٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١١٧٧ | **معاملة الرسول محمد ﷺ لبني النضير والرد على ما يثار حولها من تحريضات**<br>د. مها صالح مطر النعيمي<br>جامعة الموصل / كلية العلوم الإسلامية / قسم العقيدة والفكر والإسلامي | ٦٩٩-٧١٨ |
| | **محور التاريخ والجغرافيا** | |
| ١١٨٢ | **أثر التغير في كميات الأمطار المتساقطة على الوارد المائي لبحيرة حمرين في محافظة ديالى / العراق للمدة ٢٠١٩-١٩٩٠**<br>أ.م.د أزهار سلمان هادي<br>أ.م.د رشيد سعدون محمد<br>جامعة ديالى كلية التربية للعلوم الإنسانية / قسم الجغرافية | ٧٢١-٧٣٦ |
| ١٠٣٢ | **الإستراتيجية الصينية في القارة الإفريقية المصالح والتداعيات**<br>الأستاذ المشارك: إبراهيم عبد اللطيف عبد المطلب خوجلي<br>جامعة كسلا – كلية التربية – قسم الجغرافيا – السودان | ٧٣٧-٧٦٢ |
| ١٢٦٢ | **البحر الأحمر ومشروع قناة البحرين دراسة في التحولات والتطورات**<br>د. هند فخري سعيد<br>العراق / جامعة الموصل / كلية التربية الأساسية / قسم التاريخ | ٧٦٣-٧٩٠ |
| ١٠١٦ | **التباين المكاني لمعامل تعبئة المياه في محافظة بغداد لعام ٢٠١٩**<br>أ.م. د. مي ثامر رجب<br>م. د ذكرى عادل محمود<br>جامعة ديالى / كلية التربية للعلوم الإنسانية / قسم الجغرافية | ٧٩١-٨١٠ |
| ١٠١٨ | **التحليل الجغرافي لتكرار وشدة واستدامة الجفاف في العراق**<br>م.م سارة احمد خلف / المديرية العامة لتربية كركوك<br>م.م عمار عبدالله عبدالقادر / وزارة التربية / مديرية التطوير المؤسسي والتنسيق الحكومي<br>م.م رعد صاحي عليوي / وزارة التربية / المديرية العامة للتعليم المهني | ٨١١-٨٣٤ |
| ١٢٤٨ | **التحليل المكاني لإنتاج ونقل مياه الشرب المعبأة في مدينة سامراء لعام ٢٠٢٠**<br>م. عمر محمد صالح أحمد السامرائي<br>جامعة سامراء / كلية التربية / قسم الجغرافية | ٨٣٥-٨٥٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٢٠ | **الحروب البريطانية – البورمية ١٨٢٤–١٨٨٥ م**<br>م.د. بكر عبد المجيد محمد / جامعة سامراء – كلية الآداب | ٨٥٧–٨٩٨ |
| ١٢١٥ | **الدستور الكويتي وتعطيلاته ١٩٦٢–١٩٩٩ – دراسة تاريخية**<br>أ.م.د حسين عبد الحسين عباس الزهيري<br>كلية الامام الكاظم(ع) للعلوم الاسلامية الجامعة–اقسام ذي قار/ قسم التاريخ | ٨٩٩–٩٢٤ |
| ١٠٧٠ | **الرحلاتُ العلمية من الاندلسِ الى العراقِ ومصر من خلال كتاب جَذوةُ المُقتبس للحُمَيدي (ت: ٤٨٨هـ/ ١٠٩٥م)**<br>م. مهند راضي الخزاعي<br>كلية الامام الكاظم (ع) للعلوم الاسلامية الجامعة / قسم التاريخ | ٩٢٥–٩٤٨ |
| ١١٧٥ | **السفير الفرنسي ارنست كونستانس ودوره السياسي والاقتصادي في الامبراطورية العثمانية ١٨٩٨–١٩٠٩م**<br>د. عماد حمد صالح عبدالحليم الجبوري<br>مدرس/ تاريخ حديث / مديرية تربية كركوك. | ٩٤٩–٩٧٨ |
| ١١٨١ | **بنية الزمان والمكان في الخزف الإسلامي**<br>م.د. وعد محمد حسوني العبيدي<br>المديرية العامة لتربية بابل / قسم تربية الهاشمية | ٩٧٩–١٠١٢ |
| ١١٤٥ | **دمى هلنستية من المتحف العراقي – دراسة فنية**<br>م. محمد يوسف محمد الجبوري<br>جامعة سامراء/ كلية الآداب/ قسم الاثار القديمة | ١٠١٣–١٠٣٨ |
| ٩٣٧ | **سياسة قطر تجاه حركة المقاومة الإسلامية حماس ٢٠٠٦–٢٠٠٧م دراسة في الاحداث والمواقف**<br>م.م. فيصل ابراهيم محمد علي الحاج عباس<br>المديرية العامة للتربية في نينوى | ١٠٣٩–١٠٦٨ |
| ١١٦٤ | **طبيْعة مسَار العِلاقات بين مصر وإيران في ظْل الحِراك الثَوري المصري ٢٠١١–٢٠١٣ ((دراسة تاريخية))**<br>أ.م. د. محمد سالم احمد الكواز / كلية التربية الأساسية/ جامعة الموصل | ١٠٦٩–١١٠٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٠٩ | **القوى العاملة المهجرية في تركيا بين عامي ١٩٢٣-١٩٣٨م**<br>أ.م.د. احمد محمود علو السامرائي<br>الباحثة: هيفاء فاروق كريم البياتي<br>جامعة سامراء/ كلية التربية- قسم التاريخ | ١١٠٩-١١٢٤ |
| ١٢٦٣ | **كفاءة الخدمات الصحية في مدينة المحمودية لعام ٢٠١٦**<br>أ.م.د. فؤاد جياد مطر الجنابي<br>أ.م.د. سهيلة نجم عبد الابراهيمي<br>كلية الآداب / جامعة بغداد | ١١٢٥-١١٤٤ |
| ١٣٠٤ | **نماذج مختارة من المساجد المعلقة**<br>م.د. غسان علي مصطفى<br>جامعة سامراء - كلية الآداب - قسم الاثار | ١١٤٥-١١٨٠ |
| ١٢٧٣ | **يهود العراق تاريخيا**<br>م.م. صادق محيي علوان<br>وزارة التربية العراقية - مديرية تربية صلاح الدين | ١١٨١-١٢١٦ |
| | **محور العلوم التربوية والاجتماعية** | |
| ١١٨٦ | **تحليل البيئة في تصميم المناهج**<br>م. أفراح عادل محمود<br>قسم اللغة الإنجليزية / كلية التربية / جامعة سامراء | ١٢١٩-١٢٣٦ |
| ٨٥٢ | **التحصيل الدراسي وعلاقته بالاندماج الجامعي لدى طلبة كلية التربية في جامعة كركوك**<br>اريان عبدالله محمد<br>جامعة كركوك / كلية التربية للعلوم الانسانية / قسم العلوم التربوية والنفسية | ١٢٣٧-١٢٦٦ |


ISSN : 1813-1735
مجلة للدراسات الانسانية محكمة متخصصة
تصدر عن كلية التربية / جامعة سامراء

| | | |
|---|---|---|
| ٨٤٩ | **التلكؤ الأكاديمي وعلاقته بالمعتقدات المعرفية لدى طلبة الجامعة**<br>أ.م.د. وفاء كنعان خضر<br>جامعة تكريت/ كلية التربية للعلوم الانسانية | ١٢٦٧-١٢٩٢ |
| ١١٧٣ | **التوازن المعرفي وعلاقته بالذكاء الشخصي لدى طلبة جامعة تكريت**<br>م.د. رسالة عبد الله خلف<br>جامعة سامراء – كلية التربية | ١٢٩٣-١٣١٨ |
| ١١٦٢ | **المتغيرات الحركية الحيوية وأثرها في زيادة مدى الحركة للاعبين المصابين في مفصل الكتف**<br>م.م. علاء عبد الله محسن | ١٣١٩-١٣٤٢ |
| ١١٤٠ | **تأثير الديموقراطية الاشتراكية على فكر الاتحاد الوطني الكوردستاني – المؤتمر الثالث نموذجا –دراسة سياسية ميدانية**<br>د. أمير خداكرم محمد على<br>جامعة السليمانية / كلية العلوم الأنسانية / قسم علم الأجتماع | ١٣٤٣-١٣٧٢ |
| ١٣٠٨ | **تأثير جائحة كورونا على عقود النقل**<br>م.د خلدون محمد جرو محمد الحمداني<br>كلية السلام الجامعة | ١٣٧٣-١٤٠٠ |
| ٨٧١ | **طبيعة المشكلات الاجتماعية في الاذاعات المحلية دراسة تحليلية – اذاعة القيثارة تكريت FM برنامج نبض الشارع**<br>م.م صهيب مهيدي صالح<br>أ. ياسين طه موسى<br>جامعة تكريت – كلية الآداب – قسم الاعلام | ١٤٠١-١٤٢٠ |

| | | |
|---|---|---|
| محور اللغات الاجنبية | | |
| ١١٤٦ | **تحليل خطابي نقدي لتمكين المرأة في الأدب العربي (رواية جنات وإبليس لنوال السعداوي أنموذجاً)**<br>م.م. عبير خلف حسين<br>وزارة التربية – مديرية تربية نينوى<br>أ.م. د. وفاء مظفر علي<br>جامعة الموصل / كلية الآداب / قسم اللغة الإنكليزية | ١٤٢٣-١٤٤٨ |
| ١٠٧٥ | **رواية لقيطة اسطنبول لاليف شافاق: مقاربة نسوية**<br>م. محمود راكان أحمد<br>جامعة الموصل/ كلية التربية للعلوم الإنسانيق/ قسم اللغة الانجليزية | ١٤٤٩-١٤٦٦ |
| ١٠٦٤ | **دراسة مقارنة لحذف المبتدأ والخبر في اللغتين الإنكليزية والعربية**<br>م. لميس محي الدين توفيق<br>قسم اللغة الإنكليزية / كلية التربية الأساسية / جامعة الموصل | ١٤٦٧-١٤٨٢ |
| ١٢٠٥ | **صورة مجتمع الجائحة في رواية الطاعون لكامو**<br>أ.م. احمد عبد عباس الجبوري<br>جامعة بابل – كلية الآداب | ١٤٨٣-١٥٠٤ |
| ١٢٠٤ | **عملية المقارنة والاختلاف بين الثنائية الدلالية للكلمة والاسماء المركبة لقرى منطقة بهدينان**<br>م. ديمن عبدالله عمر<br>م. دلمان قطاس طاهر<br>كلية التربية الأساس – جامعة دهوك | ١٥٠٥-١٥٤٤ |
| ١٢٤٥ | **بنية الحجاجية للمسندين – بوون و هبوون**<br>م. سيروان سمين احمد<br>جامعة كركوك / كلية التربية للعلوم الانسانية / قسم اللغة الكردية | ١٥٤٥-١٥٦٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٠٧ | **دور المرأة في المجتمع والأدبيات رواية الهروب من الدقائق الصفراء**<br>هلبين محمد حسين<br>وارين دلشاد صالح<br>جامعة دهوك/ كلية التربية الاساس/ قسم اللغة الكوردية | ١٥٦٧-١٦٠٨ |
| ١١٦١ | **مفهوم الوطن والارض من منظور الشاعرين مولانا الرومي ومحوي**<br>م. عزالدين صابر محمد<br>جامعة كركوك / كلية التربية للعلوم الإنسانية | ١٦٠٩-١٦٣٢ |



مجلة سر من رأى
ISSN : 1813 -1735
مجلة للدراسات الانسانية محكمة متخصصة
تصدر عن كلية التربية / جامعة سامراء

# واتای چەمکی (نیشتیمان ) لەدیدی (مەولانای ڕۆمی) و (مەحوی)
# لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە

.....................

**م. عزالدين صابر محمد**

ماجستیر لە ئەدەب و زمانی کوردیی

زانکۆی کەرکوک /کۆلێژی پەروەردە/بەشی زمانی کوردی

**ئیمیل** azadinsabir@uokirkuk.edu.iq

# مفهوم الوطن والارض من منظور الشاعرين مولانا الرومي ومحوي

**م. عزالدين صابر محمد**

**جامعة كركوك / كلية التربية للعلوم الانسانية**

**البريد الإلكتروني:** azadinsabir@uokirkuk.edu.iq

## الملخص

هذا البحث المقارن بعنوان (مفهوم الوطن والارض من منظور الشـــاعرين مولانا الرومي ومحوي) أضـــافةً الى المقدمة يتكون من فصـــلين: الفصـــل الآول يعرض أهم المبادى والمفاهيم النظرية للبحث. ويتضـــمن الفصـــل من مبحثين، المبحث الأول يتناول مفهوم ومصـــطلح الادب المقارن وتاريخ الادب المقارن، والمبحث الثاني يتناول المدارس الادب المقارن. والفصل الثاني أيضا يتكون من مبحثين، المبحث الأول يتناول السيرة الذاتية لشاعرين (مولانا الرومي ومحوي)، وفي المبحث الثاني عرضت بشكل تطبيقي مفهوم الوطن والأرض لدى الشاعرين (الرومي ومحوي)، وأهم الجوانب المشتركة والمختلفة للشاعرين من حيث منظورهما لمفهوم الآرض والوطن. وفي نهاية البحث عرضـــنا أهم النتائج التي توصـــلنا اليها من خلال البحث، وكذلك قائمة للمراجع والمصادر المرتكزة عليه البحث.

# The concept of land and homeland is a phenomenon (Moulana Rumi and Mahwe), comparative study

By: Azaden sabir muhamed
College of Education for Humanitarian Sciences- Kurdish Department
Email: azadinsabir@uokirkuk.edu.iq

## Abstract

This research is tagged (the concept of the homeland and the earth in the opinion of a poet, Mawlana Roumi and Mehoui), comparative study, consists of an introduction, summary, conclusion, results, list of sources and references, and summary in Arabic, the first chapter consists of the researchers, The first topic deals with the concept and term comparative literature and the history of comparative literature, and the second research deals with schools comparative literature, but the second chapter consists of two researchers, the first research deals with the biography of a poet (Moulana Rumi and Mahwa), while the second research And the latter, in practice, deals with the concept of The practical form of the concept of homeland and land in the poet's poems(Rumi and Mehwa)

**پێشەکی:-**

چەمکی (زێد) یاخود نیشتمان چەمکێکی گرنگە، هەم لەڕووی سیاسی و جوگرافییەوە هەم لەڕووی دەروونی و فەلسەفییەوە. ئەم چەمکە لەلای هەر چین و توێژ و تاکێک واتای تایبەت بەخۆی هەیە. ئەوەی بەلای ئێمە گرنگە واتا و ڕەهەندەکانی ئەم چەمکەیە لەلای عاریفان، بەتایبەت دوو عاریفی گەورەی ئیسلامی کە (مەولانای رۆمی) و (مەحوی) دەگرێتەوە. ئەم دوو شاعیرە خاڵی جیاواز و هاوبەشیان لەمەڕ ئەم بابەتە هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری مەولانا بەسەر مەحوییەوە هەستی پێدەکرێت. لەلای ئەوان ئەم سەرزەمینە نیشتمانی سەرەکی و ڕەسەنی مرۆڤ نییە و نیشتمانی ڕاستەقینەی ئادەمیزاد بریتییە لەو بەهەشتەی کە سەرەتا تێیدا ژیاوین و پاشان دەرکراوین بۆ سەر ئەم زەوییە خاکییە.

ئەم توێژینەوە بەراوردییە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا چەمک و زاراوە و مێژووی بەراوردی ئەدەبی، هاوکات قوتابخانە سەرەکییەکانی بەراوردی ئەدەبی خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە بەشی دووەمیشدا ژیاننامەی مەولانا و مەحوی باسکراوە و پاشان واتای چەمکی زێد لەلای هەردووکیان ڕوون کراوەتەوە.

ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی (وەسفی - پراکتیکی) نووسراوە و تێیدا قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکی کراوەتە بنەمای کارکردنی توێژینەوەکە، بەجۆرێک لە بەشی یەکەمدا چەمک و پێناسەی بەراوردی ئەدەبی و قوتابخانەکانی باسکراوە و لە بەشی دووەمدا بەشێوەی پراکتیکی بەسەر شیعرەکانی مەولانا و مەحویدا جێبەجێ کراوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

بەهۆی گرنگی چەمکی (زێد) و ڕەهەندە جیاواز و قووڵەکانی ئەم چەمکە لەلای عاریفان، ئەم توێژینەوەیەمان ئەنجامدا. مەولانا وەک یەکێک لە شاعیر و عاریفە گەورەکانی جیهان و مەحویش وەک عاریفێکی مەزنی کورد بۆ ئەم توێژینەوەیە هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی لە دیدگا قووڵ و فەلسەفییەکانی ئەوانەوە بۆ چەمکی نیشتمان بڕوانین کە زۆر جیاوازە لەو دنیابینییەی کەسانی ئاسایی بۆ ئەم بابەتە هەیانە.

## بەشی یەکەم/ چەمک و پێناسەی بەراوردی ئەدەبی:

### تەوەری یەکەم/ مێژوو و پێناسەی بەراوردی ئەدەبی:

ئاشکرایە بەراورد بە واتا گشتییەکەی بریتییە لە کار و کردەوەی مرۆڤ هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە نێوان دوو شتدا دەکرێت بە مەبەستی هەڵبژاردنی باشترینیان. ئەم جۆرە کار و کردەوەیە پەیوەندی بە ئاستی خوێندەواری و تەمەن و قۆناغ و سەردەمەوە نییە، بەڵکو مرۆڤی نەخوێندەوار و مرۆڤی تێگەیشتوو ڕۆژانە پێی هەڵدەستن و ئەنجامی دەدەن بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کار و پێداویستی ڕۆژانە.

بەڵام ئەگەر پێناسەی چەمکی (بەراوردی ئەدەبی) وەک لقێکی گرنگی زانستی ئەدەب بکەین دەتوانین بڵێین: ((بەراوردی ئەدەبی پرۆسەیەکی مەعریفی شیکارییە لە نێوان دەقە ئەدەبییە زمان جیاوازەکاندا ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی خستنەڕووی هەردوو لایەنی جیاوازی و لەیەکچوو لە نێوان دەقە بەراوردکراوەکاندا لە لایەک، هەروەها لە لایەکی ترەوە بە مەبەستی بەستنەوەی ئەدەبی گەلان دەکرێت لە نێوان هەندێ شاکاری ئەدەبی کە وا هەندێک لایەنی داهێنان و جوانکاری دەقی تێدایە)1.

ئەم لقەی زانستی ئەدەب لە ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکاندا بوونی هەیە. بە ئینگلیزی ( comparative literature) و بە فەڕەنسی (la litte'rature compare'e) و بە عەرەبی (الادب المقارن) و بە فارسیش (ادبيات تطبيقي) پێدەڵێن.2

لە پرۆسەی بەراوردی ئەدەبیدا مەرجە دەقە وەرگیراوەکان سەر بە دوو زمانی جیاواز بن. ئەگەر هەردوو دەقەکە سەر بە یەک زمان بوون ئەوا لە خانەی بەراوردی ئەدەبی دەچێتە دەرەوە و پرۆسەکە دەبێت بە هاوسەنگی ئەدەبی، چونکە بەراوردی ئەدەبی ((بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نەتەوایەتی لەڕووی پەیوەندی مێژوویی ئەم ئەدەبەوە بە ئەدەبی نەتەوەکانی تر و کارتێکردنی دوو نەتەوە دەردەخات و باسی پەیوەندی نێوان دوو نووسەر دەکات کە بەرهەمی ئەدەبییان لە یەک بکات و هەر یەکە سەر بە ڕەگەز و نەتەوەیەک بێت و سنوورێکی سیاسی و جوگرافییان لە نێودا بێ)).3

سەبارەت بە چەمکی بەراوردی ئەدەبی کۆمەڵێک پێناسەی جیاواز و هەمە جۆر لە لایەن شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ئەدەبەوە کراوە. (ماریۆس فرانسۆ جۆیار) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بەراوردی ئەدەبی ئەو زانستەیە کە مێژووی پەیوەندییە ئەدەبییەکانی جیهانی تۆمار دەکات و لێکۆڵەری ئەو زانستە لە تخووبی هەرێمی ناوەستێ چ لە بواری زمان بێ یان ئەدەب، بەڵکو هەوڵی زانینی ئەو بابەت و هزر و کتێب و هەستانە دەدات کە ئەدەبیاتێ لەگەڵ ئەدەبیاتێکی دیکە دا ئاڵوگۆڕی دەکات)).4

دەبینین لێرەدا (ماریۆس فرانسۆ) بەراوردی ئەدەبی بە ئاڵوگۆڕی هزر و هەست و کتێب دەزانێت لە نێوان دوو نەتەوەی جیاوازدا، چونکە وەک خۆی دەڵێت: بەراوردی ئەدەبی تخووب و سنووری هەرێمی دەبەزێت و لە ناوخۆی یەک زمان و وڵات و نەتەوەدا ناوەستێت.

لەلایەکی ترەوە هەندێک شارەزای تری بواری ئەدەب بە شێوەیەک پێناسەی بەراوردی ئەدەبی دەکەن کە بریتییە لە ((جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی سوود بەخشە و رۆڵی دیاری خۆی هەیە لە بەستنەوە و بە یەک گەیاندن و لە یەکنزیکردنەوەی ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکان وەک پرۆسەیەکی مەعریفی لە نێوان دەقە ئەدەبییە زمان جیاوازەکان خۆی دەنوێنێت و پەیوەندی و رووی لێکچوون و جیاوازی ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکان شی دەکاتەوە. کاریگەری ئەدەبی نەتەوەیەک بە سەر نەتەوەیەکی تردا یان کاریگەری نووسەرێک بە سەر نووسەرێکی تردا دیاری دەکات، بە مەبەستی خستنەرووی ئاستی داهێنانوجوانکاری دەقە بەراوردکراوەکانە)).5

ئەگەر ئاوڕێک بۆ مێژووی سەرهەڵدانی بەراوردی ئەدەبی بدەینەوە، دەبینین کە بۆ یەکەمجار فەڕەنسییەکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا بەکاریان هێناوە. فەڕەنسا لانکەی بەراوردی ئەدەبییە بە واتا زانستییەکەی. لەم وڵاتەدا بوو کە بۆ یەکەمجار (ویلمەن) لە وتارێکیدا لە ساڵی (١٨٢٨) زاراوەی بەراوردی ئەدەبی بەکارهێنا. هەڵبەت بە بۆچوونی لێکۆڵەرانی بواری ئەدەب ئەو بەراوردی ئەدەبییەی کە ویلمەن و هاوڕێکانی لێی دواون و کاریان پێ کردووە، شێوەی زانستی دیاریکراوی نەبوو و لە ڕاستیدا تەنها جۆرێک بەراوردی نێوان شاعیرانی وڵات جیاواز بوو. 6، ئەمەش بەو مانایە دێت کە بەراوردی ئەدەبی تەنها لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدە شێوەی ڕاستەقینەی زانستی خۆی وەرگرت. هەر لەو ساڵانەدا بوو کە (ژۆزێف تکست) لە باسی دەرچوونی قۆناغی زانکۆیی خۆیدا بە ناونیشانی (ڕۆسۆ و بنەڕەتی جیهان ـ نیشتمانی ئەدەبی) دا باسی ئەم چەمکەی کرد. ئەو نامەیە بە یەکەمین لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینە و زانستیانەی بەراوردی ئەدەبی لە فەڕەنسا ئەژمار دەکرێت.٧، ئەگەرچی ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وەرچەرخانی بەرفراوان لە لێکۆڵینەوەی زانستی و بەراوردیدا ڕوویدا و لەو ماوەیەدا زانکۆکانی فەڕەنسا و ئەمریکا کورسی بەراوردی ئەدەبییان تەرخان کرد، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین کە سەرەتای سەدەی بیستەم بوو کە یەکەم کتێبی زانستی دەربارەی بەراوردی ئەدەبی لە ڕۆژئاوا نووسرا. نووسەری ئەو کتێبە (پۆل وان تیگم) بوو کە یەکێک بوو لە گەورەترین مامۆستایان و شارەزایانی بواری بەراوردی ئەدەبی لە فەڕەنسا و جیهان. چەند کەسێکی تر لە هاوسەردەمانی (پۆل وان تیگم) کە دەستی باڵایان هەبوو لە دانانی بناغەی بەراوردی ئەدەبی بریتی بوون لە: (فێرنان بالدنسپرژە، پۆل هازار، ژان ماری کارە و ماریۆس فرانسوا گۆیارد). بە هەوڵ و کۆششی ئەم بەراوردکارە لێهاتوو و کارامانە بوو کە یەکەم قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی لە فەڕەنسا هاتە ئاراوە. هەر

ئەم قوتابخانەیە بوو کە لە تەواوی ئەوروپا بڵاو بۆوە و تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش تاکە قوتابخانەی خاوەن برەوی بەراوردی ئەدەبی بوو. قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم سەری هەڵدا. ئەم قوتابخانەیە جوانی ناسی و ڕەخنە و لێکدانەوەی کردە بنەمای کارکردنی خۆی. قوتابخانەی ناوبراو ئەدەبیاتی بە دیاردەیەکی جیهانی و پەیوەست بە هەموو لقەکانی تری زانستە مرۆڤایەتییەکان و ئیستاتیکا دەزانی.٨، جگە لەمانە، چەند قوتابخانەیەکی تری بەراوردی ئەدەبی بوونیان هەیە، وەک: قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی سۆسیالیستی و بەڕازیلی و هیندی و مێری.

**تەوەری دووەم/ قوتابخانە سەرەکییەکانی بەراوردی ئەدەبی:**

چەندین قوتابخانەی جیاوازی بەراوردی ئەدەبی بوونیان هەیە، بەڵام سێ لەو قوتابخانانە سەرەکین و ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان لە بواری بەراوردی ئەدەبیدا گێڕاوە و لە سنووری وڵاتانی خۆیان تێپەڕیون و لە وڵاتانی تریش پەیڕەوکار و پشتیوان و لایەنگری ئەدەبییان هەبووە. ئەو سێ قوتابخانەیەش بریتین لە قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی (فەڕەنسی و ئەمریکی و سۆسیالیستی). هەریەکە لەم قوتابخانە بەراوردە ئەدەبیانە خاوەنی هەندێک سیفەت و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیانن و لە هەندێک ڕووەوە لە یەکتر جیاوازن و لە هەمان کاتتدا خاڵی هاوبەشیش لە نێوانیاندا هەیە. لێرەدا بەشێوەیەکی کورت و خێرا باس لە تایبەتمەندی هەر یەکەیان دەکەین.

**یەکەم/ قوتابخانەی بەراوردی فەڕەنسی:**

لەڕووی سەرهەڵدانەوە کۆنترین قوتابخانەیە و مێژووی سەرهەڵدانەکەی بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە. ((ئەم قوتابخانەیە چاولێکەری و مێژوویيشی پێدەگوترێ، پێڕەوی ئەم قوتابخانەیە بریتییە لە هەبوونی پەیوەندی کارتێکردن و کاریگەربوون لە نێوان دوو نمونەی ئەدەبی یان دوو دەقی جیاواز لە زماندا)).٩، ئەم قوتابخانەیە هەر لە سەرەتاوە مۆرکێکی مێژوویی پێوە دیار بوو. چونکە دۆزینەوەی چۆنیەتی گواستنەوەی کاریگەری نووسەرێک بۆ نووسەرێکی دیکە یەکێک بوولە مەرجە سەرەکییەکانی ئەم قوتابخانەیە. بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم قوتابخانەیە لایەنی مێژوویی کردە بنەمایەک بۆ ئەو لێکۆڵینەوە بەراوردییانەی کە ئەنجام دەدران. هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانەیەوە ئاواتێکی نەتەوەیی فەڕەنسیانە بە سیمای قوتابخانەکەوە دیاربوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (ناپلیۆن پۆناپارت)ی فەڕەنسی ویستی هەموو جیهان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و نەتەوەی فەڕەنسی وەک نەتەوەی پیرۆز و باڵادەست لە جیهاندا بناسێنێت. ئەمەش وایکرد کە تەنانەت دوای مردنی ناپلیۆنیش ئەو هەستە لە ناخی تاکی فەڕەنسیدا

بمێنێتەوە و خۆیان بە نەتەوەی ژمارە یەکی جیهان بزانن. پێیان وابوو ئەدەبەکەشیان ئەدەبیاتی یەکەمە لە جیهاندا و ئەدەبی سەرجەم نەتەوەکانی تر لە ژێر سایە و کاریگەری و هەژموونی ئەماندان. ئەمەش بە ئاشکرا لە ((وانەکانی (فرانسۆ ڤیلمان) دا دەردەکەوێت کە ساڵی (١٨٢٨ ـ ١٨٣٠) لە زانکۆی (سۆربۆن) دەربارەی کاریگەری ئەدەبیاتی فەڕەنسی بەسەر ئەدەبیاتی ئیتاڵییەوە پێشکەشی کرد)).١٠،

ئەم جۆرە شانازی بە خۆ کردنە لە قوتابخانەی بەراوردی فەڕەنسیدا تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا مایەوە و مەرجێکی سەرەکی ئەم قوتابخانەیە ئەوە بوو کە وا دەبێت ئەدەبی فەڕەنسی بخرێتە تەرازووی هەموو بەراوردێکی ئەدەبییەوە، چ بە شێوەی کاریگەر یان کارتێکراو، بە مەبەستی سوود گەیاندن و ناساندنی ئەدەبیاتی فەڕەنسی.

((مەیدانی ئەم قوتابخانەیە تەنگە و پەیوەندی نێوان ئەدەب و وێنەگرتن و مۆسیقا و فەلسەفە و ڕامیاری ڕەت دەکاتەوە و تەنیا گرنگی بە ڕەگەز و بابەتەکانی ئەدەبی دەدات))١١.

**گرنگترین بنەما و تایبەتمەندی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە:**

١. ئەدەبی فەڕەنسی لەم قوتابخانەیەدا خاوەن پلە و پایەیەکی بەرزی خۆیەتی. بە جۆرێک کە لە هەموو بەراوردێکدا دەبێت وەکو جەمسەرێکی بەراورد وەربگیرێت. چ وەک ئەدەبێکی کاریگەر، چ وەک ئەدەبێکی کارتێکراو.

٢. کاری ئەم قوتابخانەیە لە چوارچێوەی ئەوروپادا دەبێت. واتا ڕێگە نادات بە بەراوردکردنی ئەو دەقە ئەدەبییانەی لە ڕووی زمانەوە دەکەونە دەرەوەی کیشوەری ئەوروپا. ئەم بۆچوونەش زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەوا پێیان وایە ئەدەبی ئەوروپی لە ناو ئەدەبی جیهانیدا خاوەن پلە و پایەیەکی بەرزی مەعریفییە و زیاتر بۆ کاری بەراورد دەشێت.

٣. جیاوازی زمانی دەقە بەراوردکراوەکان مەرجێکی سەرەکییە بۆ پرۆسەی بەراوردی ئەدەبی، چونکە لەو باوەڕەدا بوون کە دەقە هاوزمانەکان خزمەتی ئەدەبی نەتەوەیی دەکەن نەک ئەدەبی جیهانی. هەروەها بەلایانەوە ئەنجامی هاوسەنگی ئەدەبی هەروەکو ئەوە وایە شتێک لە گیرفانی لای ڕاستەوە دەربهێنێت و بیخەیتە ناو گیرفانی لای چەپەوە.

٤. گەڕان بەدوای دەستنیشانکردنی کاریگەری و چۆنیەتی گواستنەوەی ئەم کاریگەرییە لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر مەرجێکی سەرەکییە. ئەم گەڕانەش زۆرجار سیمای مێژوویی بە خۆیەوە دەبینێت.

٥. لەم قوتابخانەیەدا ڕێگە نادرێت بە بەراوردکردنی دەقە ژانر جیاوازەکان. واتا ناکرێت شیعرێک لەگەڵ چیرۆکێکدا بەراورد بکرێت. یان ڕۆمانێک لەگەڵ شانۆنامەیەکدا بەراورد بکرێت.

٦. بە هیچ شێوەیەک لەم قوتابخانەیەدا ڕێگە نادرێت بە بەراوردکردنی دەقە ئەدەبییە فۆلکلۆرییەکان، چونکە ئەم جۆرە دەقانە لە لایەکەوە ناوی خاوەنەکانیان نەزانراوە و لە لایەکی تریشەوە شێوازی دەربڕین و داڕشتنیان سادە و ساکارە و خاوەن زمانێکی ڕاستەوخۆیە و هیچ داهێنانێکی تێدا بەدی ناکرێت.١٢.

**دووەم/ قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکی:**

ئەم قوتابخانەیەی بەراوردی ئەدەبیش، یەکێکی ترە لە قوتابخانە بەهێزەکان و بەشێکی زۆر لە بەراوردکارەکان کاری بەراوردی ئەدەبی بەپێی پرەنسیپ و بنەماکانی ئەم قوتابخانەیە ئەنجام دەدەن. ئەم قوتابخانەیە لەژێر کاریگەری قوتابخانەی فەرەنسیدا دروستبوو، بەڵام جیاوازتر. ((یەکێک لە ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە (رینیە ویلیک) بوو. دەقی ئەدەبی لەم قوتابخانەیە زیندەوەرێکی سەربەخۆیە و پەیوەندی بە ژینگە و ڕەگەز و سەردەمەوە نییە. هەروەک (سانت بیڤ و تین) جەختیان لەسەر دەکردەوە، ئەمەش بۆ پێکهاتەی ئەمریکا دەگەڕێتەوە کە فرە خێڵ و ڕەچەڵەکن و ئەمریکی بوون بەسەریاندا زاڵە)).١٣

ئەمریکا لەدوا جەنگی جیهانی دووەم وەک دەوڵەتێکی زلهێز لە مەیدانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا کەوتە بەرچاو و لەدوای ئەو جەنگە ڕۆشنبیرانی ئەمریکا هەوڵێکی زۆریاندا بۆ خستنەڕووی تایبەتمەندی و ئاستی ڕۆشنبیری ئەمریکا لە جیهاندا و بۆ ئەم مەبەستەش باشترین بوار بەلایانەوە بەراوردی ئەدەبی بوو. گرنگترین بنەما و تایبەتمەندی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە:

١. جیاوازی زمانی دەقە بەراوردکراوەکان مەرجێکی سەرەکی نییە، بەڵکو لێکۆڵەری بەراورد بۆی هەیە دوو دەقی هاوزمان بخاتە تەرازووی بەراوردەوە، بە مەرجێک نووسەرەکان سەر بە دوو کۆمەڵ و وڵاتی جیاواز بن. واتا شاعیرێکی بەریتانی و ئەمریکی دەکرێت بەراوردیان لەنێواندا بکرێت. ڕاستە هاوزمانن بەڵام وڵاتەکانیان جیاوازە.

٢. لێکۆڵەری بەراورد بۆی هەیە ژانرە جیاوازەکان بەراورد بکات. واتا دەکرێت شیعر لەگەڵ چیرۆک بەراورد بکرێت.

٣. لێکۆڵەری ئەدەبی بۆی هەیە شاکاری ئەدەبی لە دەرەوەی کیشوەری ئەوروپا بۆ بەراورد کردنەکەی هەڵبژێرێت، چونکە شاکاری ئەدەبی لە ناو ئەدەبی وڵاتانی دەرەوەی کیشوەری ئەورووپاش بوونی بەرچاویان هەیە.

٤. دەقی فۆلکلۆری لەم قوتابخانەیەش وەک قوتابخانەی فەرەنسی رێگای بەراوردکردنی پێ نادرێت، چونکە خاوەنەکانیان نادیارە و شێوازەکەیان نزمە و هیچ داهێنانێکی تێدا نییە.

٥. جۆری بەراورد لەم قوتابخانەیەدا زیاتر ئاسۆییە. واتا هەردوو نووسەر هاوشان یان هاوتەریبی یەکترن لە هێڵی بەراورد دا.

٦. لایەنی کاریگەری نێوان نووسەران مەرجێکی سەرەکی نییە لەم قوتابخانەیەدا، بەڵکو زیاتر ئەرکی لێکۆڵەری بەراورد دۆزینەوەی ئاستی داهێنان و جوانی ئەو دەقانەیە کە دەخرێنە تەرازووی بەراوردەوە. ١٤

**سێیەم/ قوتابخانەی بەراوردی سۆسیالیستی:**

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧) لە ڕوسیا، ئەو وڵاتە بۆ دەوڵەتێکی سۆسیالیستی گۆڕا بە سەرۆکایەتی (لینین) کە لە بواری سیاسەت و فەلسەفە و ئەدەبدا خاوەن بیروبۆچوونی تایبەت بەخۆی بوو. ئەو بۆچوون و ئایدیا سۆسیالیستییە لە ئەدەب بە گشتی ڕەنگی دایەوە. بەراوردی ئەدەبیش بێ بەش نەبوو لەم ئایدۆلۆژیایە.

((بەراوردی ئەدەبی لە سەدەی نۆزدەوە لە ڕوسیا سەری هەڵدابوو، بەڵام زۆر بە سستی هەنگاوی دەنا و لەچاو وڵاتانی تر بە دواکەوتوو ئەژمار دەکرا. هۆی ئەم دواکەوتنەش ڕۆڵی بێ سنووری سیاسەت بوو لە ئەدەبدا)).١٥

لە دوای مردنی (لینین) و پاش ئەوەی (ستالین) کرا بە سەرۆکی سۆڤیەت، هەوڵی زۆریدا بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕی مارکسی و سۆسیالیستی لە هەموو بوارەکانی تری ژیاندا. بەتایبەت ئەدەب لەو قوناغەدا زۆر بایەخی پێدرا، چونکە ئەدەب لە ناخی مرۆڤ دەدوێنێت و زوو کاریگەری لەسەر بەرامبەر جێدەهێڵێت و وا دەکات خەڵکێکی زۆر لە دەوری بیروباوەڕی سۆسیالیستی کۆببنەوە.

(((فیکتۆر جیرۆمۆنسکی) دیارترین نوێنەری ئەم قوتابخانەیە و توانی لەسەر تیۆری ئەدەبی مارکسی ـ کە پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لەنێوان دیاردە ئەدەبییەکان و بنیاتی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا هەیە ـ تیۆرییەکی تازە بە ناوی (لێکچوونی جۆری یان تیپۆلۆجی) دابنێ، چونکە هەندێک لێکچوون ناکرێ بۆ

مەسەلەی کارتێکردن و کاریگەربوون بگێردرێنەوە، بەڵام دەتوانرێ بۆ ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگاکان ببرێنەوە)).١٦ ، گەورەترین خەوشی ئەم قوتابخانەیە لەوەدایە کە بەراوردی ئەدەبی وەک زانستێکی سەربەخۆ سەیر دەکات، لە کاتێکدا بەراوردی ئەدەبی لقێکە سەر بە زانستی ئەدەب. گرنگترین بنەما و تایبەتمەندی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە:

١. بیری سۆسیالیستی بکرێتە چوارچێویەک بۆ لێکدانەوەی ناوەڕۆکی ئەو دەقانەی دەخرێنە تەرازووی بەراوردەوە.

٢. بایەخدان بەو دەقانەی کە خاوەن بیر و بابەتی پێشکەوتنخواز و خێرخوازین.

٣. دەکرێ دەقی فۆلکلۆری گەلان وەربگیرێ، بە مەرجێک بیری کۆنەپەرستی تێدا نەبێت.

٤. شاکاری ئەدەبی گەلانی تازە پێگەیشتوو بە هەمان چاوی یەکسانی بخرێتە تای تەرازووی بەراوردەوە لەگەڵ شاکاری ئەدەبی گەلانی پێشکەوتوو.

٥. جیاوازی زمانی دەقە بەراوردکراوەکان مەرجێکی سەرەکییە.

٦. گەڕان بەدوای دیاریکردنی کاریگەری نێوان نووسەران و دەستنیشانکردنی چۆنیەتی گواستنەوەی کاریگەری لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر.

٧. ڕێگە نەدان بە بەراوردکردنی ئەو دەقانەی لەڕووی ڕەگەزی ئەدەبییەوە جیاوازن.١٧

بەشی دووەم/ واتای چەمکی (زێد) لەلای مەولانای رۆمی و مەحوی:

تەوەری یەکەم/ ژیاننامەی (مەولانای رۆمی) و (مەحوی):

**مەولانای رۆمی:**

ناوی تەواوی (جلال الدين محمد)ە و لە سەردەمی خۆیدا بە (جلال الدين) بانگ کراوە و لە سەدەکانی دواتریشدا ناسناوی (مەولەوی) بۆ بەکار هاتووە. هەروەها مەولەوی بە چەند ناسناوێکی تریش بەناوبانگە. لەوانە: (مەولانا، مەلای رۆم، مەولەوی رۆمی، مەولەوی رۆم، مەولانای رۆمی، جلال الدين رۆمی، مەولەوی بەڵخی). ناسناوی شیعریشی بریتییە لە (خاموش، خموش، خامش). مەولانا لە (٦ی ربيع الاول لە ساڵی ٦٠٤ی کۆچی) لە شاری (بەڵخ)ی ناوچەی خوراسان هاتۆتە دنیاوە. بۆیە هەندێکجار بە (جلال الدين بەڵخی) یان (مەولەوی بەڵخی) ناو دەبرێت. باوکی مەولانا ناوی (محمد بن حسين خەتیبی) یە و بە

(بهاءالدین وەلەد) بەناوبانگە و ناسناوەکەشی (سلگان العلماء) بووە. مەولانا لە لای (برهان الدین محقق ترمزی) خوێندوویەتی کە قوتابی باوکی مەولانا بووە. باوکی مەولانا زۆر بلیمەت بووە و زۆر ڕێزی لێ دەگیرا و لە هەموو لایەکی وڵاتەوە داوای فتوایان لێدەکرد و خەڵک گوێی بۆ قسەکانی دەگرت. بەهۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆدەبوونەوە، (خوارەزم شا) ترسی لێ نیشت و ڕقی لێدەبۆوە، بۆیە داوای لە باوکی مەولانا کرد وڵاتی خۆی جێ بهێڵێت و کۆچ بکات. بەپێی قسەی (ئەحمەد ئەفلاکی) و زۆرێک لە مێژوونووسان، باوکی مەولانا بەهۆی ئەو ئازار و ناخۆشییەی کە لەسەر دەستی خوارەزم شا چەشتی، وڵاتەکەی خۆی بەجێ هێشتووە.

جلال الدین زانایەکی زیرەک و بلیمەت بووە لە بواری شەریعەت و مەعریفەی ئیسلامی و لە دوای مردنی باوکی شوێنی ئەوی گرتۆتەوە و خەریکی وانەوتنەوە بووە بە فەقێکانی. ساڵی (٦٤٢ ک) مەولانا چاوی بە (شەمسی تەبریزی) دەکەوێت. شەمس گۆڕانێکی گەورەی لە دەروونی مەولانادا دروستکرد. لەدوای دیداری شەمسی تەبریزییەوە مەولانا بوو بە مەولانایەکی تر و ئاگری عیشقی ناخی بڵێسەی سەند و بوو بە یەکێک لە عاریفە گەورەکانی جیهان و بە ڕای زۆرێک لە شارەزایانیش باشترین شاعیری جیهانە. ئەم عاریفە گەورەیە لە ڕۆژی (یەکشەممە، ٥ی جمادالاخری ساڵی ٧٦٢ ی کۆچی) ماڵئاوایی لە ژیان کرد و گیانی سپارد.

**مەحوی:**

ناوی تەواوی (مەلا محمد کوڕی مەلا عوسمانی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی)یە و نەوەی پیر و زانای بەناوبانگی کورد (شێخ ڕەش)ە. لەنێوان ساڵانی (١٨٣٠ ـ ١٨٣٦ز) لەدایک بووە. بۆ خوێندن زۆربەی شارەکانی کوردستان گەڕاوە. ساڵی (١٨٥٩ز) لەسەر دەستی (موفتی زەهاوی) ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و بووە بە مەلای مزگەوتی (ئیمامی ئەعزەم) لە بەغدا. مەحوی هەم باوکی خەلیفەی (شێخ عوسمانی تەوێڵە) جێنشینی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)یە، هەم بۆ خۆیشی خەلیفەی (شێخ بهاءالدینی کوڕی شێخ عوسمان) بووە. شیعرەکانی گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن کە مەحوی عاریف و زانایەکی گەورە بووە و بابەتی سۆفیگەری و عیرفانی لە زۆربەی شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و سەرسام بووە بە عاریفە گەورەکانی ئیسلام و کەسانی وەک (ئیبن عەرەبی و ڕابیعەی عەدەوی و ئیبن فارض و جاحظ و سەعدی و چەندانی تر). ئەم عاریف و زانا گەورەیەی کورد لە ساڵی (١٩٠٦ز) دا کۆچی دوایی کردووە و لەناو خانەقاکەی خۆیدا لە شاری سلێمانی بەخاک سپێردراوە.

**تەوەری دووەم/ واتای چەمکی (زێد) لەلای (مەولانای رۆمی) و (مەحوی):**

زێد یاخود نیشتمان ئەو سەرزەمین و چوارچێوە جوگرافییە دەگرێتەوە کە مرۆڤ تێیدا لەدایک دەبێت و پەیوەندی هەست و سۆز و خۆشەویستی بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە. ((زێد یان نیشتمان لە دنیای ئەمڕۆدا بە وڵاتێک دەوترێت کە لە ڕووی جوگرافیای سیاسییەوە خاوەن سنووری دیاریکراوی نێودەوڵەتی بێت و لەلایەن دەستەیەکی فەرمانڕەوای دیاریکراوەوە بەڕێوە ببرێت)).١٨دوور کەوتنەوە لە نیشتمان بەهەر هۆکارێک بێت دەبێتە مایەی دڵتەنگی و هەست کردن بە خەمی غوربەت. ئەم جۆرە هەستە لە ئەدەبدا بە (نۆستالۆژیای دووری لە نیشتمان) ناودەبرێت و لەناو شیعر و بەرهەمی زۆربەی ئەدە بیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە و دەمانەوێت لەم توێژینەوەیەدا تیشکی بخەینە سەر، واتای چەمکی (زێد) ە لەلای عاریفان. بەلای ئەوانەوە ئەم سەرزەمینە نیشتمانی ئەسڵی و ڕەسەنی ئێمە نییە و ئێرە بۆ مرۆڤایەتی مەنفایەکە و هەرگیز لێرە هەست بە ئاسودەیی و ئارامی ناکەین. زێدی ڕەسەنی ئێمە ئەو بەهەشتەیە کە لێی وەدەرنراین و هەمیشە لە هەوڵداین تا بە ئەنجامدانی کاری باش بۆی بگەڕێینەوە. دیارە عاریفانی ئیسلامی ئەم بۆچوونەیان لە قورئان و فەرموودە و کلتوری ئیسلامییەوە وەرگرتووە. پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (الدینا سجن المؤمن). واتا: دنیا زیندانی باوەڕدارانە. ئایەتی (انا لله و انا الیه راجعون) بەڵگەیەکی گرنگ بووە بە دەست تەواوی موسڵمانان بە گشتی و عاریفان بە تایبەتی کە ئێمە لە شوێنێکەوە هاتووین و بۆین دەگەڕێینەوە. وشەی (راجعون) کە بە واتای گەڕانەوە دێت، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ئێرە ماڵ و زێدی بنەڕەتی ئێمە نییە و لە جێگایەکی ترەوە بۆ ئێرە هاتووین. مەولانا لە یەکێک لە غەزەلە بەناوبانگەکانیدا دەڵێت:

از کجا آمده‌ام، آمدنم بهـــــر چه بود؟

به کجـــا می روم؟ آخـر ننمایی وگنم

مانده‌ام سخت عجب کز چه سبب ساخت مرا

یا چــه بوده است مراد وی ازین ساختنم

جـــان کز عالم علوی ست یقین می دانم

رخــت خــود باز برآنم که همانجا فکنم

مـــرغ بـــاغ ملکوتم نیم از عالم خاک

دو ســه روزی قفسی ساخته‌اند از بدنم١٩

واتا: لەکوێوە هاتووم؟ هۆکاری هاتنم بۆ ئێرە چییە و لەبەر چی هاتووم؟ بۆ کوێ دەڕۆم کە زێد و مەنزڵم دیارنییە و کۆتایی نییە؟ پێم سەیرە کە بۆچی منی دروستکردووە و ویست و نییەتی ئەو لە دروستکردنی من چییە؟ ڕۆحی من خەڵکی جیهانی بەرز و باڵایە و پێم وایە کە بارگە و بنەم لێرە نەکەمەوە تا دەگەڕێمەوە ئەو جیهانە بڵند مەرتەبەیە و لەوێ نیشتەجێ دەبم. مەلی نێو باخی ئاسمان و مەلەکوت و جیهانی فریشتەکانم و سەر بەم جیهانە خاکییە نییم و قەفەسێکی دوو سێ ڕۆژییان لە جەستەم بۆ ڕۆحم دروستکردووە.

